# گرفتی شیعری کوردی و گرفتی شیعری فەرەنسی هاوچەرخ

**ئەحمەدی مەلا**

## بەشی یەکەم

زادەی ئەم بابەتە، یا هەوێنی ئەم بابەتەدەگەڕێتەوەبۆ سیمنارێکی شاعیر و وەرگێری فەرەنسی هینری میشۆنیک کەلەمەڕ گرفتەکانی شیعری هاوچەرخی فەرەنسی پێشکەشی کردووە. من بەباشم زانی لەژێر ڕۆشنایی سیمینارەکەی ئەو چەند تیشکێک بخەمە سەر گرفتەکانی شیعری لای خۆمان.

سەرەتا دەبێ ئاماژەبۆ گرفتەکانی زمانەوانی خۆمان بکەین، نەک تەنها لەبواری شیعرییەت دا بەڵکو لەبوارەجیاجیاکان دا، جا چ لەبوارەی زانستەمرۆییەکان بێت یا لەبواری زانستەپەتییەکان دا و نەبوونی زاراوەتا ڕادەیەک جێگیرەکان، وامان لێدەکات ئاراستەراستەقینەکانی ئاخاوتن نەدۆزینەوەو چمکی ئاڵوگۆڕکردن تووشی گێرەشێوی بێت. دەیان گرێکوێرەی زمانەوانی هەیەکە زۆرجاردەبنەرێگر بەرامبەر بەوەرگێران، بەرامبەر بەگەیاندین چمک و زاراوەجیاوازەکان. ئەم گرفتانەبەپلەی یەکەم دەزگا پەروەردەیی و کۆڕی زانیاری کورد و سەرتاپای دەزگا ڕاگەیاندنەکان دەگرێتەوەکەبەبێ هاوئاوازی، هەر لایەک لەسەر ئاوازێ گۆرانییەکانی خۆی دەچرێ.
گرفت و ئیشکالییەت دوو زاراوەی جوداوزن. یەکێکیان سروشتییە و ئەوی دی لەپێناو لێکۆڵینەوەیەکی دیاریکراو دا دروست دەکرێت. ئەوەی ئێمەدەمانەوێ بیخەینەروو چەند گرفتێکن کەبەنەپچڕاوەیی لەمێژووی کلتوورەوەدەگەنەلامان.

هەندێ گرفت هەن و ئیجماعی لەسەرە، بەڵام لەسەر بناغەیەکی چەوت دایە. بۆ نموونەجاران ئیجماعی ئەوەهەبوو کەخۆر بەدەور زەمین دەخوولێتەوەو زەمینیش وەکو سینییەک ڕاستە، بەڵام وا دەرکەوت کەوانەبوو. ئیمرۆ لە کوردستان دا بۆچوونی تا ڕادەیەک جێگیرمان لەمەڕ جۆرەشیعرێکەوەهەیەو چەند شاعیرێکیش بەئیجماع شاعیری کەڵن بۆ ئەوەی نەڵێن کەڵەشاعیرن. بەڵام لەژێر ڕۆشنایی دیکەبۆمان دەردەکەوێت کەئەو ئیجماعەراست نییە، یا ئەو ئیجماعە نابێ وا بەو تێکڕاییەوەسەیر بکرێت.

ئەگەر ئێمەمانان دەساڵ یا بیست ساڵمان گەرەک بێت بۆ ئەوەی هاوار بکەین کەپاشا رووتەرەنگبێ کەس ئاوڕ نەداتەوە، بەڵام یەکێکی وەکو هینری هارڤەی، لەسەدەی هەڤدەم، حەفتا ساڵی ویست بۆ ئەوەی قەناعەت بەزانایان بکات کەخوێن لە لەشی ئینسان دا دەگەڕێ. لێرەوەمیشۆنیک پەنجەدەخاتەسەر ئەوەی کە پسپۆر هەڵەدەکات و زۆرینەی خەڵک هەڵەناکەن چونکەئەوان گوێ لەپسپۆران دەگرن و دوای ئەوان کەوتوون.

ئەگەر باس لەزاکیرەی زمانی کوردییەوەبکەین و کاتێک ناوی شیعریش دەبەین، یەکسەر نەسقێکمان لەپێش قووت دەبێتەوە، بەڵام کاتێک لەنێو کولتووری فەرەنسی دا باس لەشیعر دەکەین،زاکیری چاخەکانی ناوەند دەزرینگێنینەوە، هەڵبەتە ئەم دیاردەیەپەیوەندی بەکولتووری فەرەنسییەوەهەیە، مەبەستیش لەریالیسمی چاخەکانی ناوەندە.

ریالیسم و نۆمینالیسم هەر وەک بێرگسۆن دەیگوت دراوی کتوپڕی زمانن. لێرەدەبێ هەڵوێستەیەک بکەین بۆ ئەوەی ئەم دوو زاروەیەشی کەینەوە. لێرەگرفتی زمانەوانی کوردی قوت دەبێتەوە، چونکە نەموراديفمان بۆ ریالیسم هەیە، نەموردیفیشمان بۆ نۆمینالیسم هەیە. بەڵام شیعر راستەوخۆ پەیوەندی بەرامان و بیردکردنەوەهەیەلەمەڕ ریالیسم و نۆمینالیسمەوە. لەلای ریالیستان، یا واقیعخوازان خودی وشەواقیعە، بەڵام لای نۆمینالیستان وشەتەنها هەر وشەن.
دوو ئاراستەو دوو فەلسەفەی جیاواز نەک لەمەڕ زمانەوە، بەڵکو دوو جیهانبینیشن. چونکەبەگوێرەی ریالیسم "ئومانیت" هەیە، تاکەکان پارچەی ئینسانییەتن. ئینسانییەت وەکو چمکێک لەدەرەوەمان دا هەیە، ئیمەوەکو تاک تەنها پارچەی ئەم گشتەین. بەڵام بەگوێرەی نۆمینالیستان، تەنها هەر تاک هەن، ئینسانییەتیش لەکۆی ئەم تاکانەپێک دێن.

ئەم دوو چمکەش پەیوەندییان بەگرفتەکانی زمانەوەهەیە، واتەبەپرسیارەکانی شیعرەوە.
ئەم گرفتەپەیوەندی بەتەرحی ئەدەبییەوەهەیە. لەکتێبخانەیەک شیعر ناکرێت، بەڵام شارترۆز دەپارم دەکردرێت.
ئەم رچەیەش دەمانباتەسەر ئەوەی کەگەلێ فیکرەی باو بخەینەژێر پرسیارەوە.
ریزماناسێک سەیری شیعرێکی باش و خراپ بەیەک چاوەوەدەکات. ئەو هەندەی لەفرمانێکی تەسریفکرا و ئاداتەکان دەگەڕێت هەندەبەدوای چمکی شیعرییەت دا ناگەڕێ، بەنیسبەت ئەوەوە، ئەم نوقسانەرێزمانییەیەکەدەقی چاک لەهی خراپ جیا دەکاتەوە.

بۆیە لەدوا پێناسەدا، مەفهوومێکی رێزمانی و مەفهومێکی زمانەوانی هیچ لەمەڕ شیعرەوە نالێن. رەنگبێ ئیشی ئەوانیش نەبێت. ئەی کەواتەدەروونناسێک دەتوانێ لە مەڕ شیعرەوەبدوێ؟ ئەی کەواتەچۆن لەسەر شیعر بدوێن.
پرسیارێکی فەرەنسی لەمەڕ کێشەی شیعرییەوە ئەمەی لای خوارەوەیە: کێیەسوژێی شیعر؟ سوژێ واتەکەسی قسەکەر، یا "کەسی نووسەری شیعر". ئێمەلێرەبۆ ئاسانکاری سوژێ دادەنێین. هەڵبەتە ئەم پرسیارەکولتوورییە، واتەلەنێو رەحمی زنجیرەگۆڕانکارییەک دا دێتە دونیاوەکەمێژووی خۆی هەیە. کاتێک دەگەڕێینەوەنێو کولتووری کوردی و پرسیارگەلێک سەبارەت بەشیعرییەتەوەدەکەین، ئەویش خاوەن خەسڵەت و مۆرکی خۆماڵی خۆیەتی. واتەتێرمی شیعر سەرەرای ئەوەی جیهانییە، هەندەش بەکولتوورێکی دیاریکراوەوەبەندە.
پرسیارە شیعرییەکانی ئێمەزۆر سەرەتایین، هەروەکو چۆن گرفتی رەخنەو خوێندنەوەی شیعر سەرەتایین. تاکو ئێستاش گرفتەکانی ئێمەلەدەور ئیلتیزام و دەسەلات و دژەدەسەلات دەق دەخەملێنێ. شاعیر و پیاوچاک

www.dengekan.com

زۆرجار دەبنەمورادیفی یەک. لەهەردوو باردا بەرگێکی پیرۆزیان بەبەرا دەکەین. لەزۆر حاڵەت دا، نووسین وەکو چاکەیەک خۆی بەدونیای کولتووریئ ئێمەدەناسێنێ. کولتووری ئێمەدژ بە شاعیر و نووسەری نەفرەتلێکراو سەعلووکەکانە. لە بنەما جێگیرەکانی عەقلییەتماندا، ئێمەلە دونیا ئایدیال و شاری فەزیلەدەگەڕێن.

لای ئێمە گرفتی سوژێ هێشتا سەری هەڵنەداوە. شاعیر و سوژێ یەک شتن، شاعیر و ئینسانی شاعیر یەک کەسن. ئەم وردەکارییانەهێشتا نەبوونەتەبابەتی لێدوان. میشۆنیک، لەمەڕ کێشەی سوژێیەوەگەڵێ پرسیارمان لێ دەکات و دەپرسێ ئایا دەبێ‌سوژێی فەلسەفی سنووری هەبێت؟ یا سوژێی فەلسەفی چییە؟
ئەو سوژێیەیەکەئاروزووی هەیە، خاوەن کەفوکوڵە، خاوەن هەستە. ئەو نییەکە شیعر دەنووسێ، ئەویش نییەکەشیعر دەخوێنێتەوە.
ئەگەر بێت و سوژێی فەلسەفی مەبەست لەسوژێی سایکلوژی بێت، ئەگەریش ئەو بێت شیعرمان بۆ بنووسێت، ئەو کات شیعر تەنها تەعبیر لەئینفیعالات دەکات. بەڵام خۆ هەموومانیش ئەوەدەزانین کەشعر تەنها تەعبیر لەئارەزووی و ئینفیعالات ناکات.
هەر لەم سیاقەدا، ئەم گرفتەلەیەک ڕستەکۆ دەکاتەوەکەهی مالارمێیەکە ناونان و پێشنیارکردن بەرامبەر یەکتر دادەنێت. کەواتەئیشی سوژێی سایکلۆژی ناونان و وەسفکردنە.

لەلایەکی دیش دەکرێ ئاماژەبۆ جووتەسوژێیەکی دیش بکەین، کەئەویش سوژێی ناسینی شتەکانە، ئەمەسوژێی زانستەو سوژێی زالبوونیش بەسەر شتەکانیش هەیە، ئەویش سوژێی تەکنیکە. هەر بۆ ئاگاداری ناویان دەهێنین، بەڵام ئاشکرایەنەئەمیان و نە ئەویان، شیعرنووس نین.

جووتێکی دیش هەیە: مەبەست کەس و بوونەوەری ئینسانین : سوژێی ناسینی بونەوەرەکان، ئەو سوژێیەی کەئیتنۆلۆژی و ئونترۆپۆلۆژی دادەهێنێ، سوژێی سافی مەعریفەیەکەدەبێ لەو سوژێیەی کەزالبوونی بەسەر هیترانی لەلا مەبەستەجیا بکرێتەوە.
هایدگەر گشت ئەم سوژێیانەتێکەڵ دەکات. بۆیەمیشونیک ڕەخنەلەبیری هایدگەر دەگرێ. چونکە خاوەنفیکرێکی تێکەڵکەرە. بۆ ئەوەی خۆی لەگەنجێتی قوتار کات مەبەست سایکلۆژییەتی سالانی ١٨٩٠ ەخۆی لەگەڵێ شتی دیکەش قوتار کرد. بۆ نموونەخۆی لەشیعر و شیعرییەت و زانستەئینسانییەکان قووتار کرد. ئەوەی بەلای ئەوەوە گرینگ بوو، زاڵبوون و سەرکەوتنە.

لەپاڵ ئەم سوژێیانەش، سوژێی مێژوو هەیە. لای مارکس، ئەم سوژێیەتاک نییە، بەڵکو سوژێیەکی جەماوەرییەو ئەو مێژوو دەبزوێنێ. تاکی خەللاق لەنێو هەرای جەماوەر ون دەبێت.
ئەگەر چاوێک بەو ئەنسیکلۆپیدیایەبخشێنین کەلەسەدەی هەژدەدیدرۆ و ئێلەمبێر ئامادەیان کرد کەلەپێشەکییەکەی دا باس لەسوژێی کامەرانی دەکات. کامەرانی بەرامبەر بەسوژێی هایدگەر دەوەستێت. دەبێ لێرەئێمەجەخت لەسەر تێرمی کامەرانی بکەین، کەهەر لەسەدەی هەژدەمەوەدەکەوێتەنێو فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی فەرەنساوە. ئەم تێرمەئاسۆکانی دونیای ئینسانییەت یەکئالا دەکاتەوە. ئەمەداوەتێکی ڕاستەقینەی

www.dengekan.com

ئینسانەبۆ خوانی ژیان. ئەمەزۆر بە پێچەوانەی سەدەی بیستویەکەمی کوردە، کەتا ئێستا ئەم تێرمەنەچۆتەنێو فەرهەنگی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، کامەرانی وەکو تابوویەک و موحرەماتێ سەیر دەکرێت. هەندەستایش بۆ موفردەکانی ئازار و ئەشکەنجەدەکرێت، هەندەئینسان داوەت ناکرێت بۆ ئەوەی ببێتەئینسانێکی کامەران. ئەم ئیشکالییەتەیە دەبێتەغیابی هەموو تێمەئەدەبییەکانی لای ئێمە. واتەهەندەی کەسایەتی و قارەمان و کارەکتەر و پاڵاونەکان لەدەوری ئازاردا دەخووولێنەوە، هەندە بانگاشەی بەختیاری و کامەرانی ناکەن.

لەنێو خیتابی زمانەوانیش باس لەسوژێی زمان دەکرێت، مەبەست لەسوژێی سۆسوریانەیە. سوژێی خیتابیش هەیەبەپێی خوێندنەوەی بنڤێنیست. جووتەی خیتاب و دیالۆگ بەرامبەر بەگێڕانەوەلەبیرکردنەوەی بێنڤینست دا قەوارەوەردەگرێت. لەخیتاب و دیالۆگ دا شوێنپێی راناوی "من" و "تۆ" دەردەکەوێ و لەسەرد و گێڕانەوەش راناوی "ئەوی ون"، یا "ئەوی غایب" دەردەکەوێت.

گرفتەبنەڕەتەکانی شیعر لەدەوری زمان دا چەق دەبەستن. میشۆنیک گرفتێکی راستەقینە دەورووژێنێ، ئەویش ئەوەیەبۆچی پەیوەندی راستەوخۆمان لەگەڵ زمان دا نییە؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەبدەینەوە، دەبێ باسی گشت ئەو پەیوەندی مێژوویی، رۆشنبیرییانەبکەین کەخۆیان لەپەیوەندی تەمسیلی جودا دەکەنەوە.
لەهەموو زمانیک دوو چمک هەیە کەبەپچڕاو و نەپچڕاو دەناسرێتەوە. بەشێوەیەکی دی لەشیکل و ناوەرۆک دا بەدەر دەکەوێت. نەپچڕاو کەڵەکەبووی مەعریفەیە کەبەشێوەیەکی گاڵتەجاریش نەزانین وەکو نەقیزی خۆی دروست دەکات. سەرەرای ئەوەی کەئەم فیکرەیەزۆر سادەیە، بەڵام گرینگە.
کاتێک ئاوڕ لەشیعری کوردی دەدینەوەو تەماشای لایەنەنەپچڕاوەکەی کەلەمەڕ مەعریفەی شیعریی هاتۆتەبەرهەم، لەراستی دا مەعریفەنییەبەقەد ئەوەی دۆگما و فیزە. ئەم مەعریفەکەڵەکەبووەلەدەوری چەند رەمزێکی شیعریی کۆبوونەتەوە کەلەدەرەوەی کردەی شیعرن و بوونەتەحالاتی میهرەجانی و سپێکتاکل و لە دوا پێناسەبۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتی سوڵتەوی. ئەم مەعریفەیەی کەدەیخەینە نێوان دوو کەوانی بچووکەوەبەرهەمهێنەری نەزانینەلەمەڕ شیعر و شیعرییەتەوە.

ئەو فەرهەنگۆکانەی کەلەزۆربەی زۆری دیوانە شیعرییەکانی لای ئێمەچاپ دەبن نموونەی ئەم دوگمایەکەوای تێگەیاندووین کەوشەشیعر دروست دەکات، لەراستی دا شیعر وشەدروست دەکات. وشەوەکو پێکهاتەیەکی زمان لەنەپچڕاویی دا دەژێت، واتەزەخمی کولتووری، ئاینی، مێژووی، سیاسی لە دەوردایە، یا راستر لەئەستۆ دایە، بەڵام کاتێک شیعر وشەدروست دەکات، بەپێچەوانەوە، وشەلەنێو دەق لەدایک دەبێتەوە. خۆ ئەمەش پێچەوانەی ئەو وتەبەناوبانگەی مالارمێ نییەکەدەڵێ "شیعر تەنها هەروشەیە."
یەکێک لەدوگمایانەی کەلەدەوری زمانی شیعری کوردی درست بووەخۆی لەوشەی تازە و نەبیسترا و نەنووسراو دا دەبینێتەوە، ئەم فەرهەنگۆکەیەنەزانانەدەیەوێ توانای شاعیرمان لەمەڕ زمانی کوردی دا بۆ ساغ کاتەوە، کەئەمەتێگەیشتنێکی هەڵەیەلەمەڕ زمان و شیعرەوە. ئەمەگرفتەدەکرێ بکرێتەبابەتێکی سەربەخۆ لەژێر ناونیشانی گرفتی بەکوردبوون و رۆشنبیریی ساغ کرێتەوە.

میشۆنیک هەر بۆ زانیاری کۆ کردنەوە، هەست بەپێداویستی دەکات کەسوژێمان بۆ بژمێرێ، تا لەسوژێی شیعرەوەنزیکمان کاتەوە، بۆیەئاماژەبۆ سوژێی یاسایی دەکات. خۆ لامان ئاشکرایەکەئەویش شیعر دروست ناکات. دەبێ ئەوەقبوولّ کەین کەخوێندنەوەی شیعر پێش هەموو شتێک گرفت دەنێتەوەئەویش وامان لێ دەکات کەبەجوداوازییەوە سەیری شیعر و شتێکی دیکەبکەین کەدەیەوێ خۆی بەشیعر بناسێنێ. باشەچۆن ئەم جوداوازییەبدۆزینەوە؟

هەموو فەرهەنگەکان بەیەک شیوەپێناسەی ریتم دەکەن، ئەمەبەنیسبەت شیعریشەوەراستە. هەرچەندەئەم دوو گرفتە جوداوازن. لەهەردووک دا هەست بەئیجماع دەکەین. ئەمەئەگەر یەکێک بێت لەگرفتەکانی شیعری فەرەنسی، بەڵام کاتێک چاو بەفەرهەنگەقەبەکانی زمانی کوردی دا دەخشێنین، بەهیچ شێوەیەک نەباسی شیعر دەکات نەپێناسەشی دەکات، لەهەمووشی سەیر تر : گیوی موکریانی دەڵێ : "هۆنراوە: هەڵبەست، شیعر"، هەژار دەڵێ : "شیعر : هەڵبەست" و بێخاڵ-یش دەڵێ : "هۆنراوە: شیعر". لێرەدەچینەنێو گەمەی پینگپۆنگەوە. سەرەرای ئەوەی ئەمەنەک بەهیچ شێوەیەک پەیرەوی میتۆدی فەرهەنگ ئامادەکردن ناکات، لەمەڕ شیعریشەوەنەزانانەدێینەپێشەوە. با گریمانی ئەوەش بکەین کەقووتابییەکی پۆلی سەرەتایی بیەوێ لەرێگای ئەم فەرهەنگانەوە لەوشەی شیعر تێبگات! چ شتێک فێر دەبێت لەوەزیاتر کا یارییەک بەعەقڵی بکرێت! بەڵام لەهەمان کاتیش دا، کاتێک چاو بەفەرهەنگی معین-ی فارسی/فارسی دەخشێنین دەڵێ : "شعر کلام موزون، سخنی کەدارای وزن و قافیەباشد". ئەرێ نەدەبوو بەرێزانی دانەری فەرهەنگە کوردییەکان هەر نەبێ سوودێک لەمعین وەربگرن؟ هەرچەندەلێکدانەوەکەی معینیش تا رادەی دۆگما مەکتەبییە، واتەمەدرەسییە.
کەواتەدەبێ ئێمەئاوڕ لەسەجادی بدەینەوەکەلەدەقەکانی ئەدەبی کوردی دا، لەلاپەڕەی ١١٨دا دەنووسێ " پەخشان نەبەستراوەتەوەبەکێش و سەرواوە، بەڵام هۆنراوەپابەندی ئەم دوانەیە." ئەو هەڵدەستێت بەکارێکی فەرەنگی، بەبێ ئەوەی بەچاوێکی دییەوە لەکردەی شیعر ورد بێتەوە. ئەو بەرهەمی بەلاغەی عەرببیە.

لەهەمان کاتیش دا، فەرهەنگەفەرەنسییەکان شیعر بەتەرح ناودەبەن، واتەنەوعێکی ئەدەبییە، ئەم لێکدانەوەیەبۆ میشۆنیک جگەلەوەیکلاسیکە، عەبەسێکی تەواویشە. باشەلەبەر چی دەبێ ئەم لێکدانەوەیەعەبەس بێت؟

چونکەهەموو فەرهەنگەکان دەڵێن شیعر ئەوەی کەهۆنراونەتەوە. بەڵام خۆ لەلای کلاسیکەکان، بۆ نموونەلای یەکێکی وەکو سیسرۆن جۆرەکێشێک هەیە، کۆتاییەکان زۆر جار پیکدەکەن. ئایا ئەم دەقانەشیعرن؟ لای ئێمەدەیان، بەڵکو سەدان بەیت هۆنراونەتەوەبەبێ ئەوەی شیعر بن.

کەواتەپێناسەکانی فەرهەنگ دەکەنەهیچ. کەواتەدەبێ لە رێی جەوهەرەوەشیعر پێناسەبکرێت. کاتێکیش دەگەینەئەو ئاستەی کەشیعر بەجەوهەرەوە ببەستینەوە، دەگەینەبنبەست و لەبازنەیەکی دەمداخراودا دەخوولێنەوە. چونکەجەوهەراندنی شیعر دەمانگەیەنێتەشتێک کەپێناسە ناکرێت و دەگەینەکلیشەیەک کەباڵادەستەبەسەر شیعرەوە، چونکەلەکۆتایی دا شیعر پێناسە ناکرێت.

یەکێک لەخەسڵەتەبنەڕەتییەکانی شیعر ئەوەیەکەلەگەڵ "بەدەر لەوەسف دا" لەپەیوەندی دایە. وەسفکردن لەدەرەوی کردەی شیعر دایە، با وەسفی ژنێکی جوانیش بێت، با وەسفی تووڵەرێگاکانی هەورامانیش بێت یا وەسفی چیا سەرەکەشەکانی نیشتیمانیش بێت. شیعر لەهەوڵدانێکی بەردەوام دایەلەوەی کەئەو شتانەی کەوەسف ناکرێن بنووسێتەوە. بۆیەسەرتاپای ئەو شیعرانەی بۆ پیاهەڵدانی ئەم و ئەو و جوامێریی ئەم و ئەو وتراون دەبێ بەچاوی گومانەوە سەیر بکرێن. ناونان لەوەسف دا سەقامگیر دەبێت و ئاماژەکردن و پێشنیارکردنیش تایبەتن بەشیعر.

لەزمانی فەرەنسی تێرمی پۆیەم و پۆیەزی هەیە. پۆیەم دەقێکی کۆنکریتی نووسراوە. پۆیەزی بەهەموو شیعرێکی نووسراو دەوترێت. بۆ نموونەکاتێ دەچیتەکتێبخانەیەکەوە دەبێ لەرەفی پۆیەزی بگەڕێی نەک لەرەفەی پۆیەم. ئەم جووداوازییەلە زمانی کوردی دا نییە. "پۆیەزی ستۆکی پێ دەوترێت مەبەستم گشت ئەو دەقانە دەگرێتەوەکەلەچاخەکانی ناوەندەوە، لەچاخەکانی ژوور ناوەندەوەتا ئێستا نووسرابێتن. کەواتەپۆیەزی سەرتاپای شیعر دەگرێتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆی دا گرفتێکە. ئەم تێکڕاییەگرفتی واتامان بۆ دەنێتەوە. واتای تەواو بوو. ئێمەکاتێک لەناو گرفتەکانی واتا و زمان داین، ناچینەنێو ئەنترۆپۆلۆژیای تێکڕاییەوە، ئێمەلەنێو ئەنترۆپۆلۆژیایی هەتاهەتایین. هەتاهەتایی واتا و هەتاهەتایی مێژوو." کاتێک یەکێکی وەکو د. مارف خەزنەدار دەیەوێ مێژووی ئەدەبی کوردی بنوسێتەوە، لەسەرەتای شیعرنووسینەوەپێی دا دێتەخوارەوەتەرۆژی ئیمرۆمان. ئا ئەمەستۆکەکەمیشۆنیک دەیەوێ باسی لێوەبکات. ئەم کۆکردنەوە و خەزنکردنەیە لەمەڕ شیعرەوە تووشی چەواشەمان دەکات. هەر دەقێک، لەساتەوەختێک دا بەقافیەو کێش نووسرابێت گلی دەدەینەوەدەیخەینەسەر کەڵەکەی کەلەپوور و تا کتێبەکەش زل و قەبەبێت، هەندەشاگەشکەدەبین لەوەی کەکورد شاعیر و بلیمەتی زۆر بووە! ئا ئەمەیەگرفتی راستەقینەی شیعری کوردی.

ئەوەی کەگرینگەکەئاوڕی لێبدرێتەوەچالاکی شیعرێکە. چۆن ئەم چالاکییەدەسنیشان دەکرێت و دەبێ چ پێوەرێکمانیش بۆی هەبێت. لێرەنووسەر دوو پێشنیار دەکات یەکەمیان گرفتێکەچونکە "شیعر شێکلی ژیانێکەکەشێکلی زمان دەگۆڕێ و شێکلی زمانێکە کەشێکلی ژیان دەگۆڕێ" هەر وەکو لەسەرەوەش گرفتی سۆژیمان تەرح کرد، پێشنیار دووەمیش : شیعر سوژێی شیعرەکەدروست دەکات.
ئەم گرفتێکەتاکو ئێستا شیعرییەتی کوردی خۆی لەقەرەنەداوە، چونکەئەم کێشەیە پەیوەندی بەبارودۆخی کولتووری ئێمەوەهەیە. چونکەشاعیری کورد ویستویێتی خودی شاعیر و سوژێی شیعر لەیەک بۆتەدا بتوێنێتەوەبۆ ئەوەی چالاکییەکەی بچێتەئەو خانەیەی کەئەو گەرەکێتی. لیریکا زاڵەبەسەر سایکلۆژییەتی شاعیرەوە. مەبەست لەمنی باڵایە، واتەمنی پڤدراو. ئەمەش دیسانەوەبەپەیوەندی بەزەخمی رۆمانسییەت و دونیای ئایدیالەوەهەیەکەلەسەرەوەئاماژەمان بۆی کرد.

بۆیە دەبێ لێرە، بەجەختەوەباس لەئەزموونبکەین. بەڵام ئەوەی لێرەسەرەکییە دەبێ ئاڵوگۆڕیک لەنێوان ئەم دووەدا هەبێت. واتەشێکلی ژیان و شێکلی زمانە. ئەگەر شێکلی زمان فەرامۆش بکرێت، چی دەمێنێتەوە؟ تەنها هەر شێکلی ژیان دەمێنێتەوە. کەواتەشۆڕ دەبێتەوەنێو ناونان و وەسفکردنەوە. واتەسوژێی سایکلۆژی



www.dengekan.com

باڵادەستە.

کەواتەدەبێ ئاڵوگۆڕکردن هەبێت. ئەگەر ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان شیکلی ژیان و شیکلی زمان لەنێو کولتووری فەرەنسی بەگرفت و پێداویستییەک بزانرێت، باشەدەبێ چۆن ئەم گرفتەبەرووی هەموومانا لەناو زەڵکاوی رۆشنبیریی ئێمەدا، نەتەقێتەوە؟ لێرەدەبێ هەڵوێستەیەکی تەواو بکەین و تەماشای سەرتاپای ئەو دەقانە بکەین کەوکو قەپێلغ، لەنێو شیکلی زمان دا یەخسیر بوونە و بەبێ هیچ ئەزموونێکی راستەقینە هەڵ دەکەن. ئەم شیکلەوەستاوەی زمانەکەوا دەکات دەق نەچێتە نێو تەونی کۆمونیکاسیۆنەوەو بەهیشکی و دەمداخراویی بمێنێتەوە.
ئەمەراستییەکەو بەڵکو دیاردەیەکی زۆر زەقەلەنێو شیعرییەتی ئێمەدا.

بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر شیکلی ژیان فەرامۆش بکەین، تەنها هەر شیکلی زمان دەمێنێتەوە، کەواتە بەرەو رووی گەلێ شیکلی ئەزموونگەرایی جیا جیا دەبینەوە. کاتێکیش دێنەسەر شیعر هاوچەرخی فەرەنسی، کەم تا زۆر لەساڵانی پانجاوە دەبینین چمکی ئەزموونگەرایی زاڵە. ئەو ئەزموونگەراییەی کەزۆر جار لەسەر رووپەلی ئەدەبییاتی ئێمە بەرچاو دەکەون، زۆر جار وەکو کلێشەدەوترێنەوە. لەکۆتایی دا ئەزموونێکی بێ گرێوگۆڵە، ئەزموونێکەهەندێ شیکلی زمان دەگرێتەوە، بەبێ ئەوەی دەسکاری شیکلی ژیان بکرێت. ژیان ئەو رووبارەهێمنەنییەکەبەتەنیشتمانەتێدەپەڕێ بەڵکو ژیان زەڵکاوێکی وەستاوە، چۆن ئەزموونی قووڵ لەئاوێکی وەستاو دا دێتەئەنجام؟
لێرە هەڵبەتە، بێ سێ و دوو کۆمەڵگا تەقلیدییەکەی ئێمەدەگرێتەوە. تەقلیدی بە مانای ئەوەی ژیان وکو فلیمێکەو هەر ئەوێش دووپات و دەپات دەبێتەوە. هێزی نوێبوونەوەو یاخی بوون و پرسیاکردنی قووڵ نییە. ئەوەشی روو دەدات، تەنها هەر توێکڵێکەو دەگۆڕێ و شتەبنەڕەتییەکان وەکو خۆی ماونەتەوە. عەقڵییەتێکی چەقبەستوو لەدەور چەند حەقیقەتێکی بێ رۆح. جا دەکرێ ئەمەدیاردەیەبە سەر سیاسەت و کۆمەڵایەتیی و بەڵکو رەهەندەسایکلۆژییەکانی ئینسانی کوردیش دا بسەپێنرێن. پشکێنەرێکی بەدیققەت دەزانێ و درکی ئەوەدەکات تا چ رادەیەک کۆمەڵگای ئێمەچەقی بەستووە. جا لەکۆمەڵگایەکی چەقبەستوو دا زۆر سەختە ئەزموون بەرپا بکرێت. چونکەئەزموون و تەقلید دوو نەیارن.

رەنگەگشت ئەو شیعرانەی کەدەدرێنەپاڵ سووریالییەت ساوێلکەبووبێتن، بەڵام سوودمەندن لەرووی ئەزموونگەراییەوە. بەڵام لەهەمان سەردەم، لەنێو ئەدەبییاتی ئێمەشتێکی ئەوتۆ نییەکەئەو ئەزموونگەراییەی پێوەدیار بێت. بەپێچەوانەوە، شیعری ئێمەلەحاجی قادرەوەتا دەگاتەگۆران و لەگۆرانیشەوەتا دەگاتە شێرکۆ بێکەس، هەر سێکیانیش لەسەر یەک تەوەر ئیش دەکەن. ئەویش تەوەری واتایە. هەڵبەتە، لای هەرسێکیشیان، هەست بەلادان دەکرێت، بەڵام ئێمەمەبەستمان هەر واتایەبناغەی بەستووەو هەر ئەویشت هەیکەلی تەواو. لەسەر واتا ئیش کردن، بەو مەبەستەی کەواتا لەدەرەوەی ئەزموون دایە. چونکەپێشوەخت تێمەئامادەیی خۆی بەیان دەکات. بۆیەئەو هێڵەی کەئەم شاعیرانەئیشی لە سەر دەکەن، هەندەی خۆی بەروانگەگەراییەوەدەبەستێ، هەندەلەخۆی لە ئەزموونی دەمکراوەی نابەستێتەوە.

لەفەرەنسا، لەدوای جەنگی دووەم، نەک لەبواری شیعرییەت دا، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لەبواری فیکر دا، لەبواری زانستەمرۆییەکان دا، لەبواری فەلسەفەدا؟ سارتەر دێت. سارتەر لەهەمووان زیاتر باڵادەستە. سارتەرەگرینگیی بەئەڵمانییەکان دەدا. بەشێوەیەکی لەشێوەکان لەساڵی ١٩٥٣ بەدواوەشتەکان گۆڕانکارییان بەسەر دێت. رۆلان پارت جێی سارتەر دەگرێتەوە. کاتێک سەیری "پلەی سفری نووسین" دەکەین کەلەساڵێ ١٩٥٢ یا ١٩٥٣ دا نووسرا، شت گەلێکی زۆر سەرنجراکێش و وردی تێدایەکەلەبارەی رۆمانی کۆمۆنیسمەوەنووسراون، ئەگەر هەندێ جار توند دەبینرێت، بەڵام موقنیعە. کاتێکیش سەیری کتێبی ناوبراو دەکەین بۆ ئەوەی بزانین چی لەمەڕ شیعرەوەدەڵێ، هەست بەوە دەکەین کەلەمەڕ شیعرەوەزۆر هەژارە و زۆر گشتییانەش‌دەدوێ. بەڵام سیغەیەکی نامۆ دێتەئاراوەئەویش بۆچوونی شیعر شاقوولییە.

لە نێو ئەدەبییاتی کوردی دا تا ئێستا هەڵوێستەلەسەر شیعر و هۆنراوەنەکراوە، ئەوەشی باسی لێوەکراوەتەنها چەند بۆچوونێکی نەتەوەخواز بووە، هەندەی ویستوویەتی هۆنراوەبداتەپاڵ زمانی کوردی و شیعر رەوانەی زمانی عەرەبی بکاتەوە، هەندە هەڵوێستەی لەسەر ئەم زاراوەیەنەکردووە. چونکەلەهۆنراوەدا کێش و سەروا وەکو دوو پێدواویستین و هەر ئەم دووەشن کەدەق‌دەشیعرێنێ. سەرەرای ئەوەی کەشیعری سەربەست هەڵدەدا و گۆران یەکێکەکەگرینگی بەرۆڵی‌خەسائیسی زمانی کوردی دەدا و لەدوای ئەوەش شاعیرانی وەکو شیرکۆ بێکەس کەتێمەی کوردستان دەکاتەبنچوبناغەی سەرتاپای شیعرەکانی و یەکێکەلەهەرەمولتەزیمەکان کەئەم تێمەیەبەئیمتیازەوە دەکاتەموڵکی خۆی. لەتیف هەڵمەت، سەرەتا تەکانێک تەواو بەئاقارەکانی زمان دەدات و پاشان لەنێو لیریکادا دەحەسێتەوە. پەشێویش بەشێوەیەکی زیاد لەپێویست بەحەزەرەوەلەبنەما چیرۆکەشیعرییەکانی دا، ئەویش کوردایەتی دەکاتە پێوەری ئەستێیکای شیعر و دوا بەدواش رەفیق سابیر کێشەی خاک و ئینسان دەکاتەتێمەکانی.
بەکورتی ئەم شەپۆلەشیعرییانەتێماتیکن لەجەوهەر دا.
دوا بەدوای ئەم دەنگانە چەند هەوڵێکی جیددی هەن، بەڵام هێشتا زووەبۆ ئەوەی ئاقارەکانیمان بۆ ساغ بێتەوە.

ئەوەی جێی سەرنجەلەم ساڵانەی دوایی گەڕانەوەی هۆنراوەلەنێو نووسینی فەرەنسی هەست پێدەکرێت و میشۆنیک بەهۆنراوەیسم نێو زەدی دکات.لەرووی مێژووییەوە، لەنێو ئەدەبییاتی فەرەنسی، بۆدلیر گرینگیی بەقافیەدەدات و دەڵێ : " ئەگەر هات هەر شاعیرێک هەموو قافییەکانی نەزانی شاعیر نییە". لەشوێنێکی دیش هیگۆ دەڵێ : " وەختەئەوەبڵێین کەخودا شتی بەدێڕ دروستکردووە". مەبەستی هۆگۆ ئەوەیەکەخودا دونیای هۆنیەوەتەوە. تاکو ئێستا لەنێو ئێدەبییاتی کوردی دا هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر گرینگیی قافیەلەدەق دا ئەنجام نەدراوە، ئەوەشی هەیە، لەژێر رۆشنایی بەلاغەی کلاسیکی عەرەبی ساغ کراونەتەوە.
بەڵام لەسەدەی نۆزدەهەم بۆدلێر و هیگۆ ئاوڕیان لەم کێشەیەداوەتەوەو دەبێ بەجیدییەوەسەیری ئەم مەسەلەیەش بکەین. بۆ چی؟ چونکەئەمەبەبێ ئەوەی هیگۆ خۆشی هەستی پێبکات ئەو بەرابەرییەروون دەکاتەوەکەهیگۆ لەمەڕ هەتاهەتایی باش و هەتاهەتایی خراپی دەکرد. هەتاهەتایی خراپیش پەخشانی دونیایە.

باشەپەخشانی دونیا چییە؟ مەبەست لەپاشاگەردانیی ژیانەکەگوزەر دەکات و هەتاهەتایی باشیش چارەسەری دژایەتییەکانە. لەپەخشانی دونیاش، چارەسەری دژایەتییەکیان نییە. ئەم پەیوەندییەکۆنەکەشاعیر دەیەوێ لەگەڵ دونیا دروستی کات. ئەمە بینینێکی رۆمانسییانەی تا رادەیەکیش ئاینخوازە.
لەدونیای کۆن، مەبەست لای یۆنانییەکان دا، دونیا لەدوو روو پێکهاتبوو : میکرۆکۆسم و ماکرۆکۆسم. یەکەمیان ئینسان و دووەمیشیان گەردوونە. واتەگەردوونی بچووک و گەردوونی مەزنە. تەنانەت کۆسمۆس جگەلەوەی لای یۆنانیان بەگەردوون دەوترا، لەهەمان کاتیش دا بەجوانی دەوترا. کەواتەشیعریی قافیەدار، زمانێکی جوانە و وەڵامی جوانیی دونیا دەداتەوە. ئەگەر سەرنجی خیتابی ئەدەبی کوردی بدەین، نەک لای کلاسیکییەکان، بەڵکو لای هەرەنوێخوازەکانمان، تێرمی جوانیی زیاد لە پێویست دووبارەدەبێتەوە. جوانی زمان و جونیی دونیا و جوانیی بەهەموو رەهەندەکانییەوە. دەبێ ئەوەبڵێین کەجوانی تەنها تەعبیرێکی ئارکایسمەلەمەڕ زمان و جیهانبینینەوە. واتەتەعبیرێکی کۆنە.

لەئەدەبییاتی کوردی، یەکێکی وەکو گۆران لەژێر کاریگەریی خەسائیسی زمان دا، عەرووز دەشکێنێ و قافییەپەرت دەکاتەوە. ئەم دیاردەیەلای سەمبۆلیستەکانی فەرەنسا، لە سەدەی نۆزدەم هاتەدی. لای سورپالییەکان، بە تەواوی پشت لەقافییەکرا. لای ئێمەلەسەرەتاین و هێستا زۆر شت ساغ نەکراوەتەوە. هەندەی لەسەر خەتی نەفیکردن ئیش دەکەین، هەندەلەسەر لێکۆڵینەوەو تێفکرین و بیرکردنەوەی ئیش ناکەین. دەیان تێرمی وەکو : ئەمەشیعر نییە، ئەمەرۆمان نییە، ئەمەبیبلۆگرافیایە، کەی کورتەچیرۆک وابێت...هتد دووپات دەبنەوە.

لەکۆتاییش دا، هەروەکو گەڕان بەدوای وشەی پەتی کوردی دا، قافیەو کێش مۆرکی کولتوورین. کولتوورییەچونکەکاتێک شیعرێ بۆدلێر کەقافیەدار و کێشدارە، تەرجەمەی کوردی دەکەین، حەز دەکرێت دەقی تەرجەمەکراویش کێش و قافییەدار بێت. جێژی کوردی مەحکوومی کولتوورەکەی خۆیەتی. میشۆنیکی وەرگێری شیعر، ئەم سەرنجانەمان بۆ تۆمار دەکات " شتێکی سەیرم تووش هات کاتێک تەماشای شاعیران و وەرگێرانی رووسم لەساڵانی بیست و سیی دەکرد کەشیعری فەرەنسیان دەکردەرووسی و بەپێچەوانەشەوەی کاتێ فەرەنسیان شیعری رووسیان دەکردەفەرەنسی. هەست دەکەین کەپەیوەندی زمانی رووسی لەئاستی کێش دا هەمان پەیوەندی نییەکەلەنێوان زمانی فەرەنسی و کێش دا بەدی دەکرێت. دیاردەی کێششکاندن لەزمانی رووسی دا هەیەبۆ ئەوەی رەتابەتی تووش نەبێت. لەهەمان کاتیش دا شیعری رووسی سەدەی بیستەم تەواوکەری هەمان نەسغی سەدەی نۆزدەهەمە. بەشێوەیەکی دی، گەورەشاعیرانی ساڵانی بیست و سی رووس وەکو ماندێکیستام و پاسترناک هتد تسڤێتایڤا قافیەچین و هەندێ جاریش زیاد لەپێوەست قافییەدادەنێن، بەتایبەتیش شاعیرێکی وەکو تسڤێتایڤا".

پەیوەندی کولتوور و شیعر لەدەسپێکدا پەیوەندییەلەنێوانکولتوور و زمان. ئەوەی دەبێ لێرەهەڵوێستەی لەسەر بکرێت کێشەی زمانی کوردی و کولتووری کوردییە کەلەهەندی شوێن ئاماژەی بو دەکرێت و زیرەکانەلەم کێشەیەورد دەبینەوە، بەڵام کێشەکە، هەمیشە،لەئاستێکی زۆر تراژیدیئامێزدا بەرەو روومان

دەبێتەوە. زۆر چەمک هەن کەهێشتا بەتەواوی سەقامگیر نەبوونەو ئەمەش وای کردووەکەئاراستەی‌لێکدانەوەکان تووشی چەواشەبوون بێن.

هەرچەندەگۆران پێش پەنجا ساڵێک لەمەو بەر لەژێر بارستایی ئایدیالێک کەخەسلەتی ئەو سەردەمەبووە، دەنووسێ
: " تۆ شیعر و ئەدەبێکی بەرز و پێگەیشتوو لەکوردستان بێنەبەرهەم لەپاش سەردەمێکی زۆر کەم نیشتیمانێکی پڕ لەئاسایش و ئارام، گەلێکی بەهێزی یەکگرتوو، ئامانجێکی پیرۆز، سەرکردەیەکی راست و دڵسۆز، شارستانێکی پڕ لەزانست و کارسازی، بەکورتی بەهەشتێکی بەختیاری لەمن داواکە" (لە" نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکان-ی لەلاپەڕەی ٢٤ دا)
سەرەرای ئەوەی کەگۆران لەم چەند دێڕەدا، نەک تەنها بەچاوێکی زۆر گەشبینەوەسەیری میکانیسمی نێوان زمان و شارستانییەت دەکات، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییەش زۆر بەخێرا دەبینێ، بەڵام تێرمی " ئەدەبێکی بەرز و پێگەیشتوو" کەچالاکی زمان دەکاتەسەنتەری هەوڵەکانی، پنتێکی گرینگەلەدیدی گۆران دا. بەو واتایەی کەزمان وەک تاقەچالاکی فیکر، پەلوپۆی لێ دەبێتەوەو تا ئاسۆکانی زمانیش بەرینتر و فراوانتر بن هەندەرەهەندەکانی واقیع فراوانتر و بەرینتر دەبن. چونکەواقیع بەبێ زمان تەنها سەراب و تراوێلکەیەکەو هیچی تر. نوێنەکردنەوەی زمان، واتەنوێ نەکردنەوەی واقیع و خوولانەوەبەدەوری مەفهوومەسواو و کۆنەکاندا. بۆیەتەماشا دەکەین، ئەو زمانەی کەپێی دەدوێن و پێی دەنووسین و لەسەر رووپەلی رۆژنامەو گۆڤارەکان دا هەن، ئەو دیسکوور و خیتابانەی کەلەرادیۆ و تەلوڤزیۆن دا گوێمان لێی دەبێت، زۆر کورت دەهێنێ بەتایبەت بۆ نەوەی دوای راپەڕین. چونکە ئەوان واقیعێکی بێ زمان بەرەو روویان دەبێتەوە، واتەزمانێکیان دەوێ کەتەعبیر لەو گۆڕانکارییانەبکات کەلەم دوو دەیەدا روویان دا.

جا ئەم گۆڕانکارییەزۆر جار بەهەڵەلێی تێگەیشتووین، زۆرجار وامان زانیوە کەبەپەتیکردن و راوکردنی وشەی بێگانەئەم پرۆسەیەئەنجامەدرێت. ئەم پرۆسەیەش لەسەردەمی گۆرانەوەبەردەوامەو ئەویش یەکێکەلەدەسپێشخەرەکانی و تا ئێستاش هەر بەردەوامە. بەڵام پروسەی نوێکردنەوەبەوشەی پەتی ئەنجام نادرێت، بەڵکو لەگۆڕانکارییەبنەڕەتەکانی بۆچوون و پاشخانی عەقڵی و بنەما جێگیرەکانی جیهانبینیدا خۆی ئاشکرا دەکات.
ئەگەر شیعر وەکو کردەیەکی داهێنان، خەسلەتێکی جیهانیی هەبێت، بەڵام لەچەمکەتایبەتییەکانی دا سەر بەکولتوورێکی دیارکراوە. واتەهەر شیعرێک زادەی زمانێکەو هەر زمانێکیش ئاوێنەی کولتوورێکە.

کاتێکیش دەگەڕێنەوەبۆ پەیوەندی کولتوور و شیعر ئەوەهەست دەکەین شیعر لەلای فەرەنسیان هەمان شت نییەوەک‌لای کوردان، هەروەها لەلای ئیسپانییەکانیش هەمان شت نییەوەک لای ئەڵمانەکان. ئەمە بۆچوون و پەیوەندییەبارودۆخی کولتوورێکی دیاریکراوی هەر میللەتێک دیاریی دەکات. هەروەها پێوەرێکی جیهانیشمان لەبەر دەست دا نییەکەئەم پەیوەندییەمان بۆ ساغ کاتەوە. چونکەدیاردەی جیهانیی لەگەڵ جودایەتی دا دەژێت نەک لەگەڵ یەکایەتی و یەکشێوەیی و یەک بیچمی دا. پەیوەندی ئینسانی فەرەنسی لەگەڵ شیعر دا

لەجیهانبینییەکی فراوانتردا خۆی روون دەکاتەوە، فەرەنسییان کردەی پۆیەزی لەچالاکییەجوداکاندا دەبینن. پارچەمۆسیقایەک دەکرێ پۆیەتیک بێت، تابلۆیەک دەکرێ پۆیەتیک بێت، هەروەها دیمەنێکی شانۆ دەکرێ پۆیەتیک بێت، ئەمەجگەلەتایبەتمەندی شاعیران. لای فەرەنسییان "پۆیەزی" و "پۆیەم" و "پۆیەتیک" هەیە. کاتێک بتەوێ کتێبێکی شیعر بکڕیت، لەکتێبخانەی فەرەنسی دەبێ لەرەفەکانی پۆیەزی بگەڕێت بۆ ئەوەی "پۆیەم"ی شاعیرێکی دیاریکراو بکڕیت. واتەپۆیەزی گشتییەو پۆیەم تایبەتەو پۆیەتیک لای عارەبان بەشیعرییەت تەرجەمەدەکرێت و ئێمەش باکاری دەهێنین، سنووری پۆیەم و پۆیەزی دەبەزێنێ و زیاتر خۆی بەئافراندنەوەخەریک دەکات.

کاتێکیش مێشۆنیک باسی مێزۆن دولا پویەزی دەکات ( مەبەست لەخانەی شیعرەلەپاریس)، باس ئەو کاتانەدەکات کەهێشتا بارەگاکەی نەچووبووەشانۆی مۆلیەر، مەبەستی هێشتا شیعر نەبووبووەسپێکتاکل، مەبەست لەئیستیعرازییە و نمایشکردنە. شاعیرگەلێکی زۆر بانگکرا بۆ ئەوەی شیعر بخوێننەوە. هەر جارەو پەنجا کەسێک دەهاتن گوێیان لەشیعر دەگرت، جارێکیان دوو سەد کەس ئامادەدەبن، ئەو جارەشیان ئەدۆنیس بانگ کرا بوو. ئەمەمانای ئەوەنییەکەئەدۆنیس لەشاعیرانی دیکەگرینگترە، بەڵکو گوێگری عەرەب پەیوەندی لەگەڵ شیعردا جیاوازە. لێرەنامانەوێ باس لەو جیاوازییەبکەین بەڵام کاتێک کولتووری کوردی و پەیوەندی لەگەڵ شیعر دەپشکنین، هەست دەکەین وەرچەرخانێکی گرینگ لەئارادایە.
کاتێک لای خۆمان، عەبدوڵا پەشێو لەهەولێر شیعر دەخوێنێتەوە، یا شێرکۆ بێکەس لەسلێمانی شیعر دەخوێنێتەوە، گوێگرێکی زۆر ئامادەدەبن و دەبێتەجۆرەمەنیفێستاسیۆنێک. لێرەدەکرێ لەگشت ئەو فاکتەرانەبکۆڵینەوەکەئەم خەڵکەلەو شوێنەکۆ دەکاتەوە. هەرچەندەئەوەش دەزانین کەدوو ستیل و دوو شێوازی زۆر جیاوازن، بەڵام هەر یەکەیان بەشی شێری بەر دەکەوێ لەکۆکردنەوەی بینەر و گوێگران. لێرەهەندەی تەونی پەیوەندییەکان دەچنەخانەی ئیلتیزام بەخاک و مەسەلەو لەکۆتاییش دا، بەسەرجەمی گرفتەرەمزیی و مێژووییەکان قووت دەبنەوە، هەندەناچنەخانەی پەیوەندی ئینسان بەشیعرەوە.
لێرەدەکرێ هەموو چەمکەکان لەیەک گرفت دا کۆ بکەینەوە، ئەویش گرفتی شیعری کۆمەڵایەتییە. واتەشیعری سیاسی و شیعر وەک فاکتەرێکی پرۆپاگەندئامێز و دەچێتەناخی کێشەهەنووکەییەکانەوە. وەکو شیعری "ماچی" پەشێو و ئەو شیعرانەی کە"شێرکۆ بێکەس" لەمەڕ ئەنفال و کۆچەکوردییەکانەوەنووسیوێتی و یا ئەو جۆرەشیعرانەی لەژێر دروشمەکانی روانگەبەرهەمی دەهێنێ و کوردستان دەکاتە تەورەهەرەبنەڕەتییەکانی. دەکرێ لێرەدوو خانەبۆ شیعر بکەینەوە، شیعریی میللەیی و شیعر وەک داهێنانی رووت.

هاوچوویی کێشەکانی فەلەستین و کوردستان لە هەندێ رووەوە، وا دەکات لەشەستەکانەوە، شیعری کوردی لەهەندێ حالەت لاسایی شیعری بەرگری فەلەستین بکاتەوەکەشاعیرانی وەکو مەحموود دەرویش و سەمیح قاسمیش دەبنەسەمبۆلەهەرەدیارەکانی. ئا لەم رووەوەش،دەرویش لەیەکێ لا چاوپێکەتنەتازەکانی کەتەلەفزیۆنی فەرەنسی چێی کردبوو، دەیویست لەو ئیلتیزامەخۆی بدزێتەوەکەتووشی بوو. لەم رووەوەشیعری " انا عربی" کەلەدەسپێک دا، کەخاوەنەکەی بەشیعری نەزانیوە و جەماوەر دەیکایەخاوەنی ئەم شیعرە، دەیەویست

بەهەرچی چۆنێک بێت باس لەشتگەلی دیکەبکات، بەڵام زۆر جار هەندەی فشاری کۆمەڵایەتی کەسێک دەکاتەشاعیر هەندەبەرهەمی بەرهەمەکانی خۆی نییە!

بەپێچەوانەوشەوە، کاتێ شاعیرێکی دیکەکەتەعبیر لەدونیایەکی دی دەکات، جیهانیکی پاقژبووەوەلەو وەرەسەناشیعرییەی کەبەلایەن کەم دوو سەدەیەلەسەر ئەستۆی شیعری کوردی دایە، رەنگەتەنها هەر چل پەنجا کەس وەکو لەمێژۆن دو لەپۆیەزی کۆببنەوە، ئەگینا کەس کاتی خۆی بەوە ناکوژێت کەبێت گوێ لەمجۆرەشیعر و شاعیرانەبگرێت کەلەکۆتایی شیعر و گوێگر دەبنەدوو لای تەرازوو کەلەدونیای ئافراندن دا پێکەوەهەڵدەکەن. شیعر نابێتەزادی موستەهلیکان بەڵکو زادی پەیوەندی پەیدا کردن.

واتەشیعر لەناوەرۆک دا دەبێت زیاتر لەئیتیمۆلۆژییەیۆنانییەکەی ورد بینەوەوەک لەئیتیمۆلۆژییە عەرەبییەکەی کەیەکەمیان بەواتای ئافراندن و دووەمیشیان بەواتای " علم" کەزانست و زانیارییە، لێکدراوەتەوە. واتەشیعر دەبێ خەللاق بێت لەدروستکردنی و خەللاق بێن لەپەیوەندی دروستکردن لەگەڵی. ئەم بناغەیەتەندروستەشیعر دەگەڕێنێتەوەبۆ خۆی، واتەبۆ هیتران.

بێگومان، پرسیار کردن لە" چی شیعرە؟" بەرەو ئاسۆکانی لێکۆڵینەوەو رامان و وردبوونەوەدەمانبات. ئەو کات بەپێویستی دەزانین بەچاوێکی رەخنەئامێزەوەتەماشای هەمووی دەقێکی کوردی بکەین. چونکەفشارێکی زۆر، بارستاییەکی یەجگار زۆر لەسەر ئەستۆی کەلەپووری شیعریماندایە. یەکێکی وەکو حاجی قادر، هەندەی بەو بەیتانەناسراوەکەباس لەبێحاڵیی میللەتی کورد دەکات هەندەبە"ئەمن شێخم، سەرم شاخە هەناسەم–نەسیمە دیدەکانی، مێژەرم تەم" نەناسراوە.

چ دەقێک شیعرە؟ لێرەدەکرێ پێناسەکەی مشۆنیک وەکو ئاداتێک بەکار بهێنین و ئەوەدووبارەبکەینەوەکەشیعر ئاڵوگۆرکرنەلەنێوان شیکلی ژیان و شیکلی زمان دا". هەرچەندەئەم پێناسەیەهەموو چالاکییەکی ئەدەبی دەگرێتەوە. بەڵام دەکرێ بەسەر دەقی شیعریش دا، بەئیمتیازەوەتەتبیق بکرێت. کێ نووسەری دەقە. گشت ئەو سوژێیانەی کەمیشۆنیک ئاماژەی بۆ دەکات، نووسەر و بکەری شیعر نین. لەراستی دا شاعیر شیعر نانووسێ، بەڵکو شیعرەکە ئەو دەکات بەشاعیرو دەیدۆزێتەوە. ئەم عەکس کردنەوەهەڵبتەبۆ هەموو نووسینێک ناشێت. واتەشیعر وشەدێنێتەکایەوە، شیعرەموفرەدەدادەهێنێ، نەک بەپێجەوانەوە. ئەم بۆچوونەلەگەڵ فیکرەکەی مالارمێ دژ ناوەستێت.

ئەم بۆچوونەسەرنجراکێشەوامان تێدەگەیەنێ کەشیعر سوژێ دەخولقێنێ، کەواتەمێشۆنیک دوو شتمان پێ دەڵێ : مەبەستمان لەسوژییەکی تایبەتمەندەهیچ لەو سوژێیانەناگرێتەوەکەلەبەشی یەکەمی ئەم بابەتەتەرحمان کرد و با بێینەوەسەر سوژێی یاسایی. لەیەکێ لەماددەکانی جاڕی مرۆڤی ساڵی ١٧٨٩ دا دەڵێ :" هەموو مرۆڤێک بەئازادی و یەکسانی لەدایک دەبێت" سوژێی یاسایی فرمانێکی نەوعییەزیاتر وەکو واقیعێکی پەتی. خەڵکی ئەو سەردەمەدەیانزانی کەداواکردنەراستەبەڵام بەواقیع وجوودی نییە!

چونکەهەر چی شاعیرێک وەربگرین  لەگشت ئەو سوژێیانەپێکهاتووەکەباسمان لێوەی کرد. مێشۆنیک سوژێیەکمان پێشکەش دەکات کەپێی دەڵێ "خوداندنی کۆمپلێتی سیستەمی خیتاب". خوداندن و بەخودکردن دوو زاراوەی جیاوازن. بەخودکردن سوژێیەکی سایکلۆژییە. واتەدەچێتەژێر لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی دەروناسیەوە. وەکو ئەوەی نووسەر، یا شاعیر لەژێر فشاری دەروونیی دا دەمبکاتەوەو قەڵەم بگرێتەدەست. ئەی باشەدەبێ خوداندن واتەئۆبژێکتیڤاندن، دەبێ چ بگەیەنێت؟ مەبەستی مێشۆنیک ئەوەیەکەلەپچڕاوەبگاتەنەپچڕاو. واتەلەنێو نەپچڕاوی زمان دا ئیش بکات. بۆ ئەوەی زێتر ئەم چمکەروون بێتەوە: کولتوور لەساتەوەختێک دا لەدایک نابێت، بەڵام ئێمەلەم ساتەوەختەدا لەگەڵی دا یا لا ناوی دا دەژێن. دەکرێ تێرمی سانکرۆنیک و دیاکرۆنیکەکەی سۆسویر بەکاربهێنن. بۆ نموونەوشەی " پاشکۆ" کوردی لەسەرەتادا بەهەگبەیەدەوترا کەلەپاش ولاغ هەڵدەگیرا و "پاشکۆ" ی رۆژنامەو گۆڤار و هتد مان، هەیە. دەقی شیعری ئەم دوو یەکەیەبەئیعتیبار وەردەگرێت. ئەگەر تەنها سەیری "پاشکۆ" رۆژنامەبکەین و بەس واتەئێمەپەیوەندییەکی پچڕاومان لەگەڵ زمان و کولتوور دا هەیە.
لەم دیدەنیگایەوەشیعر زاکیرەکان دەبووژێنێتەوە. زاکیرەهەرەقووڵەکان، نەک بەشێوەیەکی مەرجەعی و رێفرانسیەل شیعر ئاراستەکانمان بۆ دیاری بکات.

ئا بەم شێوەیەمێشۆنیک ئەم کێشەیەلێکدەداتەوە: لەقۆناغی یەکەم دا، مەبەست لەجەستە-زمانە. جەستە-زمان لەزمانی ئاخاوتن جودا دەکرێتەوە، چونکەئەمیش خاوەن گرفتی خۆیەتی. دەروناسانی رەفتار و هەڵسوکەوت ئەم چمکەبەباشی شی دەکەنەوەو لەبزاوت و جوولەو هێماکانی روخسار و دەست دەکۆڵنەوە. ئەم دیاردانەش فەردانی و کولتوورین لەهەمان کات دا.
بەڵام کێشەی شیعر شتێکی دییە. لێرەدەکرێ چمکی سیستەمی سۆسیور و چمکی خیتابی بێنڤێنیست بترنجێنینەنێو ئەم باسەوە. مێشۆنیک باس لەدەقێک دەکات کەفیکر دایدەهێنێ، سیستەمێکی خیتابە. لێرەکاتێک باس لەسوژێی شیعر دەکەین، خوداندنێکی کۆمپلێت و هەموو یەکەیەکەلەنێو دەقی شیعریی دان. واتە، لەم رووەوە، شیعر جوداوازیی رەت دەکاتەوە، ئەو ئارتیکولاسیۆنەیەکەزماناسان باسی لێوەدەکەن. لێرەبۆ زیاتر روونکرنەوە، باس لەرۆڵی فۆنێم و مۆنێم دەکرێ کەخەسڵەتی زمانی ئینسانییە کە بناماگەران دایدەهێنن. بەڵام ئەوەی مێشۆنیک مەبەستێتی، لەهەمان دیدەنیگای بنامەگەرانەوەنادوێ. واتەبەنیسبەت ئەوەوە فۆنێم دەنگ نییەو شیعریش لەدەنگ و واتا پێکنایەت .
هەر ئەم کەرتکرنەیەکەزمانی ئینسانی لێوەپەیدا دەبێت. لێرەهەڵبەتەدەبێ فۆنێم و دەنگ لێکتر جودا بکرێنەوە، یەکەمیان دەنگی پیت دەگرێتەوەو دووەمیشیان دەنگی پەتی. با دەنگی وەڕینی سەگ و نەغمەی باڵندەیەکیش بێت.
بەو واتایەی مێشۆنیک، شیعر گوێ ناداتەئەم کەرتکردنەو لەنێو تێکڕایی دەنگەکان دا خۆی چی دەکات. ئەم کەرتکردنەهی بنەماگەرانە. بەپێی پێناسەکردنی ئەوان، فۆنێم بچووکترین یەکەی زمانەکەواتای نییە، مۆنێمیش بچووکترین یەکەی زمانەکەواتادارە. بەگوێرەی مێشۆنیک لەشیعردا نەدەنگ هەیەنا واتا، بەو پێیەیە کەزمانی شیعر یەک جەستەیە. هەندەی شیکل ناورۆکەهەندەش ناوەرۆک شیکلە.

بۆچوونی واتا بەشێوەیەکی زۆر خراپەکاریی لەمەڕ فیکری زمان دێنێتەکایەوە. ئەم بۆچوونەهەڵبەتەئەوەناگەیەنێ کەوشەواتای نییە، نەخێر ئەمەمەبەست نییە. ئاشکرایەکەزمان لەبۆ ئاڵۆگۆرکردن و کۆمینیکاسیۆن واتا دادەهێنێ. بەڵام چمکی واتاش مێژووی خۆی هەیە. ئەم مێژووەش مێژووی سیمیۆلۆژییە، لەنێو چمکی هێمادایەو نەپچڕاویی بەسەریا زاڵە. من لێرەپێشنیاری ئەوەدەکەم کەبەچمکی واتا بچینیەوەو لەنێو نەپچڕاوی دا پێناسەی بکەینەوە.

گرفتەهەرەسەرەکییەکانی شیعر و شیعرییەت لەلای ئێمە چین؟ سەرەتا : شاعیر خاوەن کولتووریکی زمانەوانی نییە، نەلەمەڕ زمانەکەی خۆیەنەزمان وەک دیاردەیەک و لەدیدەنیگای زمانەوانی نوێیەوەتەماشای زمان بکات. لەبەر هەندێیە چمک و زاراوەکان تێکەڵ دەکرێن و بەشیعر باس شیعر دەکەین. ئەمەیەکێکەلەقەیرانەراستەقینەکانی دونیای شیعرییەتی ئێمە. چگەلەوەی کەهێشتا تەفسیرەکانی حوجرەیی بەسەر لێکۆڵینەوەی دەق دا زاڵە. بەواتایەک لەواتاکان خوێندەوار نەخوێندەوار تێدەگەیەنێ. هەرەها لێکدانەوەو رەخنەگرتن هەندەی رەخنەیەلەواتا و هەڵوێستەکان هەندەنەبۆتەوەنووسینی رەخنەوەکو نووسینێکی دی، کەئەویش داهێنانێکی دییە. لەم رووەوەرەخنەئایدیۆلۆژیایە. جا چ مارکسی بێت، چ نەتەوایەتی و باس لەخەبات و تراژیدییاکانی کوردی کردبێت.

لەپاڵ ئەم دوو کاتیگۆرییە، چەند هەوڵێکی جیددیش لەئارادایە، بەڵام هێشتا خۆی بەتەواوی لەخڵتەکانی ساڵانی حەفتکان پاکنەکردۆتەوە. رەنگبێ یەکێک لەخەسڵەتەنوێخوازییەکان لەچەمکی "پەیوەندی" دا خۆی ئاشکرا بکات کە سەرتاپای عەقڵییەت نەک عەقڵانییەت لەسەری دروست دەبێت!

لێرەدەبێ ئاماژەبۆ ئەوەبکەین کەمیشۆنیک کتێبێکی هەزار لاپەڕەیی لەمەر کێشەوەدەنووسێ و لەسیمینارەکەی جارێکی دی پێناسەی کێش دەکاتەوە. کێش لەنێو سیلابی کورت و درێژ دەناسرایەوە، بەڵام لەدوا پێناسەدا، باس لەتەنزیمکردنی بزووتنەوەکانی ئاخاوتن لەنووسین دا دەکات. بەو مەبەستەی کەواتا لەبزووتنەوەکانی دانەبڕاوە. لەپێناسەتەقلیدییەکان، مەبەست لەسۆسیورەوە، ئاماژەبۆ هێما دەکرێت کەلەدوو دیو پێکهاتووە، لەدەنگ و واتا و کێشیش دیسانەوەلەدوو دیو پێکدەهات : هاوچوو و جیاواز، پڕ و بەتاڵ، بەهێز و لاواز.

نەخێر! وا نییە! کێش لە بەردەوامیی پێکدێت. کەواتەچۆن دەتوانین باس لەجەستەی زمان بکەین؟ جەستەبەو مانایەی کەلەبۆچوونەکانی دیکارتەوەبەرەو بۆچوونەکانی سپینۆزا لا دەدەین، بەو واتایەی کەئیتر نابێت کەئەفێکت لەبەرەیەک دابنێن و بۆچوونیش لەبەرەیەکی دی، بەڵکو تا ئێفێکت زۆر بێت هەندەش بۆچوون زۆر دبێت. میشۆنیک لێرەباس لەشیکل و ناوەرۆک دەکات. بەشێوەیەکی دی، جودانەبوونەوەی شیکل و ناوەرۆکە. ئەم کێشەیەتاکو ئێستاش، لەبارەهەرەتەقلیدییەکی لەنێو کولتووری کوردی دا باسی لێوەدەکرێت. چونکەهەموو شیکلێک لەناواخن دا ناوەرۆکێکە. ئەم یەکگرتنەبەتینەیەکەمیشۆنیک پێی دەڵێت جەستە. ئەم حالەتەزنجیرەیەک رەد فیعل دەنێتەوە، ئەم زنجیرەرەد فیعلانەش، جارێکی دی ئەنتێرئەکسیۆنە. واتەچەند کردەیەک لەنێو یەک

باردا روودەدەن. واتەلەنێو شیعر بەشیعر بیرکردنەوە، ئافراندنەوەی زمان، ئافراندنەوەی سوژێی تایبەت، سەرلەنوێ ئافراندنەوەی ئێتیک و سەرلەنوێ ئافراندنەوەی سیاسەتە.

واتە، چوار تەرح وەزعییەتەکەدەگۆڕن : زمان و شیعر و ئێتیک و سیاسەت. واتەبیر لە ئەنتێرئەکسیۆنی نێوان زمان و شیعر و ئێتیک و سیاسەت بکرێتەوە. ئەم گرفتەی کەمێشۆنیک سەبارەت بەکولتووری فەرەنسی تەرحی دەکات لەلای خۆمان کەهاوکێشەکانی زمان و شیعر دا، لەدەوری کلێشەهەرەکۆنەکەی وشەی شیعریی و وشەیی نا شیعری خۆمان خەریک کردووە. با و رەشەبا و لاسکەگیا و پەپوولەلەنێو قامووسی شیعریی کوردی دا بەوشەی شیعریی دەناسرێنەوەو وشەی وەکو پێڵاو و دوگمەو فانیلەبۆ نموونەوشەی دژەشیعرن و دەبێ لەقامووسەشیعرییەکانمان دوور خرێنەوە. سیاسەت لەزمانی فەرەنسی دا بەدوو شێوەدەردەکەوێت : بەشێوەی مێینەکەسیاسەت و حیزبایەتی، ئەوەی لەلای ئێمەش هەیە، هەروەها بەشێوەی نێرینەش دەردەکەوێت کەمانای رێکخستن و تەنزیمی شار یا دەوڵەت دەگرێتەوە. مێشۆنیک لەشێوەی دووەم بەکاری دەهێنێ کەتاکو ئێستا ئەم وشەی نەچۆتەنێو قامووسی سیاسی و کولتووریمانەوە.

www.dengekan.com

پەرادۆکس و موفارەقەی شیعر لەوەدایەکەزۆر ناسکە، هەر وەک لەسوژێی شیعر کەناسکترین شتەلەنێو فیکری زمان دا. کۆیەرانس یا ئەو هاوئاهەنگییەی کەپەیوەندی بەم ناسکییەوەهەیە. ( لێرەناسکیی وەکو ناسکیی کریستالیک بەکاردەهێنرێت نەک وەکناسکیی گوڵێک) لەبەلاش نییەکەزنجیر لەحەڵقەهەرەلاوازەکەی دا دەپچڕێت. موفارەقەش لەوەدایەکەرۆلێ ئێتیک و سیاسەت و زمان ببەخشرێتەشیعر و تەرجەمەی شیعر.

مۆدێرنیتێ بەنیسبەت میشۆنیکەوەئەو توانایەیەکەلەئێستادا تەواو چالاکە.
لای ئێمەش مۆدێرنێتی پەرشوبڵاوە. پەرشوبڵاوەلەسیاسەت دا، بۆچوونەکانی دیموکراسی وەکو توخمی نویخواز ترنجاوەتەنێو بەڕێوەبردنی وڵات، بەڵام پەروەردەی دیموکراسی دوادەخرێت چونکەزیانی بۆ سەر دەسەڵات زیاترەوەک لەسوودەکانی، پەرشوبڵاوەلەداهێنانەئەدەبی و هونەرییەکان، رەوتە بەناونوێخوازەکانی شیعر کەلەروانگەوەسەر هەڵدەدات، لەخوێندنەوەیەکی سیاسیئامێز زیاتر شتێکی دیکەنییە، پەرشوبڵاوەلەمیعمار و پلانەکانی شار و شارۆچکە، مۆنومێنتێکی نوێ لەتەنیشت کەلاوەکانی شار بەرز دەکرێتەوە تەنها لەوەزیفەی رەمز شتێکی دیکەی پێ نییە، پرشوبڵاوەلەرێکخستن و دامەزراوەومەدەنییەکان دا، ئەوەی دەکرێ لەبوارەکانی تیۆری رووت دایە، کەس توخنی پەروەردەناکەوێت کەلەسەر بنچینەکانی مێتۆدی نوێ سەقامگیر بووبێت، پەرشوبلاوەهەر وەکو بنەماکانی عەقڵییەتمان.

بەرای من بۆ ئەوەی سەرلەنوێ هەڵسینەوەدەبێ بەبنەما جێگیرەکانی عەقڵییەتمان دا بچینەوەپێش هەموو شتێک، سەردەمی راپەڕینی ئەورووپی دەکرێ لەیەک شت دا خڕ کرێتەوە : خەملاندنی زیهنییەتی رەخنەیی و بەچاوی رەخنەوەسەیری دەورووبەری خۆکردن. گاستۆن باشلار کتێبێکی زۆر نایاب لەمەڕ زیهنییەتی رەخنەیی دەنووسێت کەسەدەکانی پێش هەژدەم لەسەدەکانی دوای خۆی جودا دەکاتەوە. دەکرێ کتێب و

لێکۆڵینەوەی زۆر لەسەر رەخنەو عەقڵانییەت و عەلمانییەت لەسەر بنەمای عەقڵییەتێکی کۆن بنووسین. لێرەپێویستەوتەکەی رامبۆ دووپات بکەینەوەکەدەیوت : "دەبێ بەشێوەیەکی رەها ئازاد بین".

کۆتایی

www.dengekan.com